## گفتوگۆی رۆژنامەوانی کە بە شێوەیەکی کورتکراوە لە گۆڤاری *رێگا* (ژمارە ١٦، ئابی ٢٠٠٩)دا بڵاوبۆتەوە.

## فەرموو ئەمەش بە شێوەی پدف.

**١- ئێوە بەنیاز بوون لەتەمووزی ٢٠٠٨ کۆنفرانسێکی نەتەوەیی لەهەولێر ببەستن هۆکاری ئەوە چی بوو کە کۆنفرانسەکەتان نەبەست؟**

**ب. یاسین: ئەوەی راستی بێت ئێمە وەك دەستەیەك لە روناکبیرانی کوردستانی کە چوار ساڵ بەر لە ئێستا (رێك لە هاوینی ٢٠٠٥) پرۆژەی بەستنی کۆنفرانسێکی کوردستانیمان دا بە دەسەڵاتی کوردی*. وە لە ماوەی سێ ساڵیشدا (هەر ئەو دەستەیە) وەکو بەشێك لە کۆمیتەی ئامادەکاری کارێکی جددیمان کرد بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسەکە.**

**بەڵام، زۆر بە داخەوە، دوای ئەوەی جێگەو رێگەی کۆنفرانس ئامادەکرا وە بریار وابوو لە شاری هەولێر لە رۆژانی ١٦ و ١٧ و ١٨ی ئۆکتۆبەری پار ببەسترێ وە بە پێی ئامادەکاریەکان نامە و پرۆگرامی بانگهێشتکردن بۆ میوانان ناردرابوو، دەسەڵاتی باشووری کوردستان بریاری نەبەستنی کۆنفرانسی دا. شایەنی وەبیرهێنانەوەیە کە پێشتر گفتوگۆی تێروتەسەل دەربارەی ستراتیژی کۆنفرانس لەگەڵ هەموویاندا کرابوو.**

**ئێمە وەك دەستەیەك لە روناکبیرانی کوردستانی لە راگەیاندن و روونکردنەوەیەکدا کە لە رۆژنامەی *رۆژنامە* (ژمارە ٤٣٨) و گۆڤاری *مەتن* (ژمارە ١٨٠)دا بڵاوبۆتەوە، بە دوور و درێژی هەڵویستی خۆمان راگەیاندوە و هەر لەوێشدا هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیمان بەرپرس بینیوە لە بریاری نەبەستنی کۆنفرانس. ئێستاش هیچ روونکردنەوەیەکی *رەسمی* لە لایەن دەسەڵات و ئەو دوو مەکتەبی سیاسیە دەرنەچووە لەم بارەیەوە. بە هەر حاڵ جختی دەکەمەوە کە راگەیاندنی روونکردنەوەیەکی لەم جۆرە بەر لە هەر شتێك بۆ خۆیان باشە، ئەگەر نا هەرنەبێ من وەك خۆم بەردەوام دەبم لە سەرکۆنەکردنی ئەو هەوڵوێستە نابەرپرسەی ئەو دوو مەکتەبی سیاسییە!**

**٢- ئەگەر کۆنفرانسەکەتان ببەستایە چ هێڵێکی نەتەوەیی و ستراتیژیتان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کورد لەهەموو پارچەکان دادەڕشت؟**

ب. یاسین: ئێمە، جگە لە کۆمەڵێك گفتوگۆی بە نرخ کە لە ماوەی سێ ڕۆژی کۆنفرانسدا، وە لە ئاستی هەرە بەرزی نوێنەرایەتی حیزبەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتی خاوەن کاریگەری و بۆچوونی خۆیان لەمەڕ مەسەلە نەتەوەییەکان، بە نیاز بووین کە لە کۆتایی کۆنفرانسدا ڕاگەیاندنێکی توکمە و لە مەسەلە نەتەوەییەکاندا گشتگیر و هەمەلایەن رابگەیێنین. میکانیزمی ئەم ڕاگەیاندنەش هەر ئەوە نەبوو کە ڕەشنوسێك لە دوا چرکەکانی کۆنفرانسدا بخەینە ڕوو و بە پەلە بڕیاری لێبدرێ بەڵکو مەبەست بوو کە یەکەم، بەر لە کۆنفرانس بۆ کارئاسانی ڕەشنووسێك ئامادەبکرێ و دووەم، بەر لە کۆنفرانس بدرێ بە بەشداران (ڕێکخراو و کەسایەتی) وە سێهەم، لە چوار وورکشۆپەکەی کۆنفرانسدا بە ووردی قسەی لەسەر بکرێ گۆڕانکاری پێویستی بەسەردا بێت وە لە قۆناغی چوارەمدا لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی تەواوبوونی کۆنفرانس بە شێوەی کۆتایی گەڵاڵە بکرێ و لە کۆنفرانسێکی میدیاییدا ڕابگەیەندرێ. جگە لەوەش ئاستێکی تری ستراتیژی کۆنفرانس ئەوە بوو کە ئەو ڕووداوە هی یەکجار نەبێت بەڵکو لە کۆنفرانسدا بڕیابدرێ لەسەر ئەوەی کە لە چوارچێوەیەکدا کە لە سەرەتادا ڕێکخراوەیی نەبێ بەڵام سیفەتی مونتەدا یا مولتەقای دیالۆگ و ئاشتی هەرنەبێ ساڵانە کۆنفرانسی ئەوها ببەسترێ بە لەبەرچاو گرتنی یا ڕاستتر بڵێین بە مەبەستی پێشخستن و گەڵاڵەکردنی کاری هاوئاهەنگی نەتەوەیی کوردستانی.

٣- ئایا بەنیاز بوون لەو کۆنفراسەدا هەموو هێزە کوردستانیەکان بەبێ جیاوازی بانگهێشت بکەن؟

ب. یاسین: بەڵێ لە هەر چوار پارچەی کوردستان وە بەبێ سەپاندنی هیچ ئەجێندا و مەرجێکی پێشوەخت. تەنها پکك نەبێت کە بۆ ئامادەبوونی ئەوان شێوە (سیغە)یەکی تایبەتیمان پێشکەشکرد کە هەموو ئەو لایەنانەی ئەم سیغەیەشمان لەگەڵدا باسکردن ڕازیبوون پێی. سیغەکەش ئەوە بوو کە بۆ ئەوەی هیچ بەهانەیەك نەدرێتە تورکیا وە هەروەها ئەمریکا و یەکیێتی ئەورووپا و ئەکتەرەکانی تر لە ئامادەبوونی کۆنفرانس سڵنەکەوە بە باشمان زانی پکك بە ناراستەوخۆ ئامادەبێت لە کۆنفرانسدا. هەتتا کراوەش بووین بەرامبەر بیرۆکەی ئامادەبوونی کۆنگرەی نەتەوەیی کە بە باوەڕی ئێمە درێژبوونەوەی (پکك)ەیە، لە بڕی پکك. بەڵام پکك پۆسەتیڤ نەبوو بەرامبەر ئەو سیغە و بیرۆکانە. شایەنی باسە کە سیغەی ئامادەبوونی پکك بە شێوەی ناراستەوخۆ وەکو سیغەی کۆنفرانسی مەدریدی ١٩٩١ ناوبرا، کە لەو کۆنفرانسەدا ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینی ڕاستەوخۆ

تیایدا ئامادەنەبوو بەڵکی چەند کەسێکی بێلایەنی لە بری خۆی نارد بۆ ئامادەبوون لە کۆنفرانسدا. بەداخەوە پکك بەرامبەر هیچێك لەو بیرۆکە و سیغانە پۆزەتیڤ نەبوو.

٤- بریار وابوو ماوەیەك بەر لە ئێستا کۆنفرانسێکی تر لە هەولێر بکرێ . خوێندنەوەت چیە بۆ ئەو کۆنفرانسە؟

ب. یاسین: من باوەرِم وایە ئەوە نابێ ناوبنرێ کۆنفرانسی نەتەوەیی بەڵکو ئەوە لە باشترین حاڵەتدا کۆبوونەوەیەك بوو کە دەخوازرا تیایدا مەبەسەت و مەتلەبێکی تایبەتی باسبکرێ کە ئەویش مەسەلەی ئاسانکاریی بوو بۆ ئەوەی پکك چەك دابنێ. بە بۆچوونی خۆم کارێکی ئەوها هەنگاوێکی سیاسی ئەو پەری هەستیارە و دەکرێ بەبێ بەستنی ئەو کۆنفرانسەش لە دیالۆگێکی راستەوخۆدا، بە تایبەتی لە نێوان دەسەڵاتی کوردی لە باشوور لە لایەك وە پکك لە لایەکی ترەوە، ئامادەکاری بۆ بکرێ. لە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا بە تایبەتی لە هەندێ کێشەی هەستیار دیپلۆماسیەتی نهێنی باشتر ئامانج دەپێکێ!

ئێمە وەك دەستەیەك لە رووناکبیرانی کوردستانی وە بەش بە حاڵی خۆم بە هیچ شێوەیەك نە لە دوور وە نە لە نزیك تێکەڵاو بە هەوڵی بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە نەبووین وە ئەوەش بە سەرکەوتوو نازانم بەشێکی کوردستان "تاك لایەنە" بریار بدات لایەنەکەی تر لەو دیوی سنوور چی بکات. بە هەر حاڵ، لە لایەکی ترەوە، بە هاوئاهەنگی و دیالۆگ نەك هەر دەکرێ ئەو هێزانە باس لە سیاسەتەکانی یەکتر بکەن بەڵکو گرنگە هاوئاهەنگیش بن" هەڵبەتە لە دیدێك و فەلسەفەیەکی نەتەوەیی=کوردستانییەوە.

٥- بریار بوو ئەو کۆنفرانسە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم بەرێوە بچێتو دەنگۆی ئەوە بڵاوبوو کە مەرجی بەشداری بۆ لایەنە کوردستانیەکان دادەنرێت، پێویستە پێشوەخت مەرج بۆ کۆنفرانس دابنرێت، یان لەناو کۆنفرانسدا بریاری هاوبەش وەربگیرێت؟

ب. یاسین: هەڵبەتە هەموو جار مەسەلەکان ئەوها بە ئاسانی رەش و سپی نین. جاری وا هەیە لایەنێك پێشنیاری خاڵێك دەکا بۆ ئەوەی بکەوێتە ئەجێندای کۆنفرانسەوە بەڵام هەمان ئەو پێشنیارە وەك مەرجێك هەتا بگرە وە مەرجێکی سەپێندراو دەخوێندرێتەوە. لە لایەکی ترەوە، هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، مەرج سەپاندن سیاسەتێکی سەرکەوتوو نیە و زۆر جاریش مەرج یا پێشنیاری ئەجێندا رووبەرووی روحگەورەییەکی سیاسی دەبێتەوە کە دەکرێ لە مامەڵیەکی لەسەرخۆی بێدەنگدا چارەسەربکرێ نەك بە مەبەستی سیاسی هەرا نانەوە و گەورەکردنی شتەکان لە میدیاکانەوە. ئایا بۆ ناکرێ کۆمیتەیەکی ئامادەکار یا

نوێنەرایەتی لە ئاستی بەرز ڕێگە خۆشبکەن بۆ کۆبوونەوە و ئەجێدای گونجاوی بۆ دابنێن بەر لە بەستنی خودی کۆبوونەوەکە، هەر وەك لە عورفی دەوڵەتان وەزیرانی دەرەوە هەموو ئامادەکارییەك دەکەن و دۆکومێنتەکان ئامادەدەکەن بەر لە بەستنی کۆنفرانس. بەداخەوە لەبەر نەبوون یا لاوازی کولتووری دامەزراوەیی و کولتوری بەدەوڵەتبوون زۆر جار لە بواری سیاسەتە کوردیەکاندا سیاسەت بە تەعن و شەڕەقسە و پەلارهاویشتن دەکرێ، کە ئەمەش جگە لەوەی ئامانج ناپێکی سەرلەنوێش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی کولتورێکی سیاسی سەقەت و ڕێگرتن لەبەر سەرهەڵدانی کولتورێکی تەندروستی سیاسەت و دیپلۆمایەتی دەوڵەت.

٦- مەرجی پێشوەختی ئەو کۆنفرانسە گریمانەکراوە بۆ چەك دانانی پەکەکە چۆن دەبینیت، بەتایبەت کە تورکیا پشتیوانیی لەو کۆنفرانسە دەکرد؟

ب. یاسین: زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی ئەگەر ئەو هەنگاوە لە مەرج و مەرجکاری و شەڕە قسەی میدیایی دەربچێ وە پێی لە لەیەکگەیشتنێکی کوردی=کوردی (واتە لەیەکگەیشتنی دەسەڵات و هێزەکانی باشوور لە لایەك وە بکوور وە بە تایبەتی پکك لە لایەکی تر) هەڵگرتبێ ئەوا ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە. دەڵێمەوە ئەگەر، چوونکە بە خوێندنوەی خۆم هەتتا ئێستاش دەسەڵاتی باشوور و پکك بە هەندێك روحگەورەیی و لەیەکترنەگەیشتنەوە مامەڵە دەکەن تا پێچەوانەکەی. بە بۆچوونی خۆم ئەگەر لەیەکگەیشتنێکی سێگۆشەیی (باشوور و باکوور و تورکیا) بە پشتگیری ئەمریکا مومکن ببێت بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەی کورد لە تورکیا =نەك فەرزکردنی ئەجێندای یەکلایەنە- ئەوە هەرگیز وەك شۆڕشێکی دیپلۆماسی دەبینم. بەڵام من گومانم هەیە لە کارامەیی دیپلۆماسیەی کوردی (بە باکوور و باشوورەوە). بە مانایەکی کراوەتر: هەر پێشوەچوونێك لە دیپلۆماسی و لەیەکگەیشتنی ئەو سێگۆشەیەدا بە کۆمەڵێك شێوە بە پۆزەتیڤ دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کوردی (بە هەردوو دیویەوە) و بۆ تورکیا و بۆ ئەمریکا و وە بۆ بەهێزبوونی پێگەی باشووری کوردستان بەرامبەر بەغدا: بەو مانایەی هەر کرانەوەیەك لە پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان و تورکیا (هەڵبەتە لە ڕێگەی کرانەوەی تورکیا بەرامبەر بە کێشەی کورد لەو وڵاتە) دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کاریگەریی دەستی قورسی بەغدا لەسەر کورد لە باشوور وە لەوانەشە پێشوەچوونێکی ئەوها هەندێ پرۆژەی ستراتیژی دوورخایەنیشی لە نێوان باشوور و تورکیا لێبکەوێتەوە. لە ڕاستیدا هەر ئێمە (دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کوردستانی) بەر لە چوار ساڵ، هاوکات لەگەڵ پرۆژەی کۆنفرانسی

کوردستانی، پرۆژەیەکیشمان پێشکەشە کرد کە تیایدا پێشنیارمان کردبوو دەسەڵاتی کوردی بە یارمەتی ئەمریکا هەڵشێت بە رۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان پکك و تورکیا، کە بە باوەڕی ئێمە کارێکی ئەوها دەیتوانی کۆمەڵێ دەرهاوێشتەی پۆزەتیڤی بۆ کورد لە باشوور و کورد لە باکوور و تورکیا و ئەمریکا لێبکەوێتەوە. . .

٧- ئێوە بەنیازبوون کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بۆ کوردان رێکبخەن، چ پێویستی بەو کۆنفرانسە نەتەوەیە هەیەو ئامانجی ئێوە لەو کارە چی بوو؟

ب. یاسین: بە باوەڕی خۆم لە هەندێك لە وەڵامەکانی پێشووتر هەندێك ئاماژە هەیە کە دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیاسەتان بن. بەڵام زۆر بە گشتی و زۆر بە چڕی دەتوانین بڵێین هاوئاهەنگی نەتەوەیی بۆ گەلی کوردستان پێداویستیەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەوەش زۆر باسی دەکرێ بەڵام ئەوەی کە پێویستە هەنگاوی عەمەلییە. لە راستیدا هەر لەبەر ئەوەش بوو بڕیار بوو یەکێك لە چوار تەوەرە سەرەکیەکەی کۆنفرانس باسوخواس بێت دەربارەی هاوئاهەنگی نەتەوەیی: ئەگەر هەیە لە چ ئاستیکدایە و چۆن دەشکرێ گەشەی پێبدرێ وە ئەگەر نیە بۆ و چۆنیش دەکرێ هاوئاهەنگیەکی ئەوها بخەملێندرێ. لەم بارەیەوە مەبەست بوو هەم لە دیدی ئەکادیمی وە هەم لە دیدی سیاسیەوە ئەم بابەتە (یا تەوەری کۆنفرانسە) بە جددی تاوتوێبکرێ. شایەنی باسە یەکێك لە باسکارە ئەمریکیەکان (پرۆفیسۆر هێنری بەرکی) بابەتەکەی لەم بارەیەوە بوو وە لە کورتەی باسەکەیدا کە بەر لە کۆنفرانس بۆیناردین جخت لە یەککردن و بە یەکەوە بینینی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەگەر چی، هەر وەك خۆی جختیلێدەکاتەوە، بە چوار چارەسەریش تەواو ببێ. دیسان شایەنی ئاماژەیە کە ئەم بیر و بۆچوونەی بە شێوەیەکی تر لە راپۆرتێکدا لە ماوەی دواییدا داوە بە ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما وەك راوێژێك لەمەڕ سیاسەتەکانی ئەو ئیدارەیە و شێوەی هەڵسوکەوتی دەربارەی کێشەی کورد.

٨- هەندیك لەو بڕوایەدان کە کورد بۆ رێکخستنەوەو دیاریکردنی هێڵێکی ستراتیژیو نەتەوەیی هاوبەش پێویستی بەوە هەیە کە کۆنفرانس، یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ خۆی ببەستێت؟ لێکدانەوەتان بۆ ئەو بۆچوونە چییە؟

ب. یاسین: هەڵبەتە هەر ئەوە بوو وای لە ئێمەش (وەك دەستەیەك لە رووناکبیرانی کوردستانی) بیر لە هەنگاوێکی ئەوها بکەینەوە. بە باوەڕی من هەر بە حیزبیکردنێکی پرۆژەیەکی ئەوها نەك هەر سەرکەوتتو نابێت بەڵکو دەبێتە هۆی شکستی نەك هەر

هەنگاوەکە بەڵکو قەبرکردنی بیرۆکەکەش تا ماوەیەکی دوور و درێژ. هەر لەبەر ئەوەش پکک کارێکی باش ناکات کاتێك هەوڵدەدات وێنەیەکی ئەوها نیشانبدات وەك ئەوەی تەنها خۆی خاوەنی بیرۆکەی کۆنگرەی نەتەوەییە. لە راستیدا کاتێك کە بە جددی لە سەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابڕدوو گفتوگۆو خەبات بۆ هێنانەکایەی کۆنگرەیەکی (یا چەترێکی) نەتەوەیی کوردستانی (لە دەرەوەی وڵات) لەسەرپێ بوو هێشتان پکك لەسەرتای سەرهەڵدان و بەهێزبوونی بوو وە تەنانەت لە نیوەی دووەمی نەوەتەکان پکك لە بیرۆکەی کۆنگرە نزیك بوویەوە ئەویش تەنها بە مەبەستی بەکارهێنانی چوارچێوەیەکی ئەوها نەتەوەیی لە خزمەت پڕۆژەیەکی حیزبیدا! بە بۆچوونی خۆم ئەگەر بخوازین پڕۆژەیەکی ئەوها گرنگ وە لە ئاستە هەرە ستراتیژیەکانیدا سەربخەین ئەوا دەبێ: ١) پڕۆژەکە وەك کارێکی فیکری دەستپێبکات، وە ٢) دەبێ هەولێکی سەربەخۆ و بێلایەن بێ و هەڵگرانی پڕۆژەکەش دوور لە هەر پانتاییەکی تەسکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی رابوەستن. بە مانایەکی تر مۆنۆپۆلکردنی پڕۆژەیەکی ئەوها لە لایەن حیزبێکەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو حیزبە دوور لە روحێکی کوردستانیانە و دیمۆکراتییانەی راستەقینە مامەڵە لەگەڵ دیاردەیەکی ئەوهادا بکات، بە شکستی پڕۆژە تەواو دەبێ. هەر پڕۆژەیەکی نەتەوەیی ئەگەر پێ هەڵنەگرێ لە پرەنسیپی دیمۆکراتی و کوردستانی راستەقینە ناتوانێ رەنگدەرەوەی تەواوی پانتایی نەتەوەی کورد بێت وە بەو مانایەش ناتوانێ هەڵگری ئەو پەیامە مێژوویی و هاوچەرخە بێت کە گەلی کوردستان پێویستیەتی.

٩- ئێوە لەو بڕوایەدان کە کۆنفرانسێکی نەتەوەی رۆلی دەبێت بۆ لێکنزیکردنەوەی هێزە کوردیەکان‌و پێش بەشەری ناوخۆی هێزە کوردیەکان دەگرێت؟

ب. یاسین: بە هەر حاڵ ئەوە هەندێك خاڵ بوون کە لە راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانسدا، بە جختکردنەوەوە، جێگەی دەبوویەوە. بەهەر حاڵ مێژووی کورد زۆر جار ئەوەی سەلماندوە کە هەندێ پرەنسیپ و هاوپەیمانی سەر کاغەز ناتوانن بین بە رێگر لەبەر شەڕی براکوژی. لە راستیدا کاتێك کە شەڕی پارتی و یەکییێتی لە ١٩٩٤ هەڵگیرسا نەك یەك بەڵکو حەوت دانە پەیمان و هاوپەیمانی و چوارچێوەی لەیەکترگەیشتن هەبوون. هەر لەبەر ئەوەش هەر وەخت جختکردنەوەم لەسەر وشەی ڕاستەقینەیە بەو مانایەی ئەگەر هێزە سیاسیەکان دیمۆکراتی و کوردستانی راستەقینە بن هەر گیز یەکتر ناکوژن. ئاخر ئەمرۆ یەکێك لە تیوریە باوەکانی جیهانی زانستی سیاسەت ئەوەیە کە دوو سیستەمی دیمۆکراسی دیمۆکراسی (بە راست دیمۆکراسی) هەرگیز بەرامبەر یەکتر نەجەنگاون وە بە ئەگەری زۆریش هەر بە پێی ئەو تیوریە لە

داهاتوشدا بەرامبەر یەکتر ناجەنگن. کێشەکە ئەوەیە هێزە سیاسیەکانی وڵاتی ئێمە نەك هەر بە دیموٚکرات خوٚیان لە قەڵەمدەدەن بەڵکو بگرە سیفەتی کوردستانیش دەدەنە پاڵ خوٚیان، بەڵام یەکتریش دەکوژن!

١٠– چ مەرجێك هەیە بوٚ ئەوە کە هێزەکان لەسەروی بەرژەوەندیی خوٚیانەوە پێبەند بن بە بڕیارەکانی کوٚنفرانسێکی نەتەوەیی؟

ب. یاسین: لە راستیدا ئێمە چاوەڕوانبووین کە لە کوٚنفرانسدا باس لەو میکانیزم و چوارچێوانە بکرێ کە دەبوونە مسوٚگەرکەری خوٚبەستنەوە بە بڕیارەکانی کوٚنفرانس. دیارە شێوەیەکیش ئەوە بوو کە کورد هەموو ساڵ جارێك کوٚ ببێتەوە و بەرەو کوٚنفرانسی دووەم و سێهەم و . . . هتد بەدواداچوون هەبێ.

١١– ئایا کاتی ئەوە هاتووە کوردیش بوٚ خوٚی میساقی میلی، یان پەیمانیکی نەتەوەیی بوٚ پاراستنی دەستکەوتەکان‌و حەرامکردنی شەری کورد بەکورد دروست بکات کە هەموو هێزەکان لەدەوری کوٚ ببنەوە؟

ئەمە پرسیارێکی گرنگە. لە راستیدا لە ماوەی خوٚئامادەکرن و ئامادەکاریدا ئەو مەسەلەیەمان هێنایە دەنگ وە بوٚچوونێکی ئەوهاش هەبوو کە دەکرێ لە بڕی راگەیاندنی کوٚتایی دەرهاوێشتەی کوٚنفرانس میساق یا پەیمانێکی نەتەوەیی بێت. ئێمە ئەو مەسەلەیەمان بوٚ خودی کوٚنفرانس هێشتەوە. بەم مانایەش ئەوە بەشداربووانی کوٚنفرانس بوون کە لە ئاکامی گفتوگوٚ دەگەیشتنە ئەوەی کە ئایا کوٚنفرانس هەر راگەیانێکی کوٚتایی لە چەند خاڵێکدا هەبێ وەیا ئاستەکە وەسەربخا بوٚ میساق یا پەیمانێکی نەتەوەیی سیاسی.

١٢– هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لەتورکیا و باکووری کوردستان‌و بردنەوەی بەرچاوی دەتەپە چ کاریگەریەکی لەسەر کێشەی کورد بوٚ چارەسەری دەبێت؟

ب. یاسین: وەڵامی ئەو پرسیارە هەروا ئاسان نیە. ئەو ژمارە دەنگانەی کە دتپ بە دەستی هێناوە بە شێوەی جودا جودا لە لایەن ئەکتەرەکانەوە دەخوێندرێتەوە. ئەم ئەکتەرانەش هەر لە ئاستی دتپ و پکك دەستپێدەکات تا لە ئاستی تورکیا و یەکییێ ئەورووپا و ئەمریکا تەواو دەبێ.

داوای بووردن دەکەم کە بووارم نیە بە تێرو تەسەلی وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگە بدەمەوە بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم کە لە زوٚرێك لە ئاستەکان ئەمە پێشوەچوونێکی پوٚزەتیڤ بوو بوٚ

کورد بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگە ئەوە بڵێین ئێستاو بۆ ماوەیەکی تریش گرنگە کە حیزبی زۆرینە لە تورکیا (واتە ئاکپ)ی ڕەجەرەب تەیب ئەردۆگان بۆ ماوەیەکی تریش بە بەهێزی (لە واستی هەموو تورکیادا) بمێنێتەوە. چوونکە: ١) لە مێژووی دوورو درێژی دەوڵەتی تورکیا تەنها ئەم حیزبەیە کە نیشانیداوە کە ئەو بە جددی خوازیارە کرانەوە بە ڕووی کێشەی کوردا بکاتەوە وە ریفۆرمی گرنگ بە مەبەستی نزیککردنەوەی تورکیا لە ئەورووپا بکا، ٢) کێشەی کورد لە تورکیا بە لایەنێکی بەهێز دەکرێ وە نەببونی لایەنێکی بەهێزی وە ئاکپ دەکرێ چارەسەری ئەو کێشەیە بە جددی دوابخات.

بەو مانایەش ئەو دوو خاڵەی سەرەوە جۆرێك دژایەتی لەخۆیدەگرێ کە زۆر پێویستە لایەنی کوردی تێبگا وە لەسەر ئەو تێگەیشتنە سیاسەتی خۆی بنا بکات.

١٣- هەڵمەتی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر دەتەپەو گرتنی ئەندامەکانیان‌و هاوکات ئۆپراسیۆنی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر پەکەکە پاش ئەو سەرکەوتنانە گەورەیە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان‌و هاتنی ئۆباما بۆ تورکیا ئاماژەیە نییە بۆ ئەوە کە تورکیا کێشەی کوردی وەك خۆی پێ هەرس ناکرێت؟

ب. یاسین: ناتوانین بڵێین ئەو ئامارژەیە رێك وایە. لە راستیدا مرۆۋ دەتوانێ تەفسیری جۆراو جۆر بۆ ئەو هەنگاوە بکات. یەکێکیان ئەوەیە کە زۆر جار هەنگاوێکی ئەوها کاردانەوەیەکە دەربڕی هاوسەنگیەکانی هێزە لە ناو خودی تورکیاز زۆر جار لە سیاسەتدا تۆ بۆ ئەوەی بتوانی دوو هەنگاو بچیتە پێشەوە زەرووڕە هەنگاوێك بەرەو دواوە هەڵێنی. لایەکەی تریش ئەوەیە کە پکك سەرکەوتنی (دتپ)ەی بۆ خۆی ئیستیسمار کرد وە کردی بە سەرکەوتنی خۆی. لەم بارەیەشەوە دەکرێ بڵێین کە تورکیا سەرکەوتنی دتپ قەبوولْ دەکات وەك خۆی بەڵام کاتێك ئەو سەرکوتنە وەکو دەستی درێژی پکك لەقەڵەم دەدرێ و وەکوو ئەوەی پکك ژمارەیەکی زۆری شارەوانی کەوتبێتە دەست ئەوا ئەو کاتە دەبێ چاوەڕوانی کاردانەوەی حکومەتی تورکیا بین. زۆریش گرنگە ئەوە جختبکەینەوە کە تەواوی کادر و سەرکردەی دتپ لەگەڵ ئەوەدا نین کە ئەو وێنایە بکرێ لە سەرکەتنی ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان کە پکك دەیکات. بە مانایەکی تر ئەو بەشەی دتپ ئەوە دەزانن کە پێناسەکردنی ئەو حزبە وەك ئەوەی دەستێکی درێژی (پکك)یە بە سەرچاوەی کێشە و تەنگوچەڵەمەی دەزانن تا سەرچاوەی هێز بۆ دتپ.

لە لایەکی ترەوە نابێ هەرگیز ئەو کاردانەوانە وا لە کورد بکەن کە شتەکان لە ئاسۆ و پانتاییە هەرە فراوانەکەیدا نەبینێ. چوونکە هەر دوای ئەو سەرکوتنانەیە کە ئۆباما چاوی

به ئەحمەد تورك دەكەوێ و دواتر هەر ئۆباما لە بەردەوامی سەفەرەكەیدا چاوی بە بەرپرسانی باشووری كوردستان دەكەوێ و كۆمەلێك هێمای گرنگیش لە ئاستی هەرە بەرزی سیاسی و دیپلۆماسی توركیا دەردەچن. سیاسەتكردنی دروست ئەوەیە كە نەك هەر بەردەوام پێكاهاتەكانی پانتایی و ئاسۆی هەرە فراوانی سیاسەت ببینی بەڵكو زۆریش گرینگە پەیوەندی و تەفاعول لە نێوان ئەو پێكهاتانە ببینرێ بە مەبەستی دارشتنی سیسەتی هەرە دروست. بەم مانایەش، وە بە تایبەتی لە دیدێكی كوردستانیەوە، سەركوتنی دتپ بووە هۆی كرانەوەیەكیش لە پەیوەندیەكانی باشووری كوردستان و توركیا. بەڵام جارێكی تر دووپاتی دەكەمەوە كە زۆر گرنگە پكك خۆی دوور بگرێ لە سیاسەتی تەسجیلكردنی تەواوی ئەو سەركەوتنەی دپت بۆ خۆی و بەس.

---

* تكایە بۆ دەقی پرۆژەكەو هەندێ بیرو بۆچوون دەربارەی كۆنفرانس بروانە ئەم پێگانەی خوارەوە:

http://www.burhanyassin.com/Proje%٢٠١%٢٠PDF.pdf
http://www.burhanyassin.com/Alay%٢٠Azadi%٢٠٢٠٠٨-١.pdf
http://www.burhanyassin.com/Alay%٢٠Azadi%٢٠٢٠٠٨-٢.pdf
http://www.burhanyassin.com/Alay%٢٠Azadi%٢٠٢٠٠٨-٣.pdf